# دونیا نەفرەتلێکراوە، وئەوەیشی تێیدایە نەفرەتلێکراوە، جگە لە یادی خوای گەورە نەبێت وئەوەی پەیوەندی (بە یاد وزیکری خوداوە) هەیە، وزانا وفێرخوازێک

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دونیا نەفرەتلێکراوە، وئەوەیشی تێیدایە نەفرەتلێکراوە، جگە لە یادی خوای گەورە نەبێت وئەوەی پەیوەندی (بە یاد وزیکری خوداوە) هەیە، وزانا وفێرخوازێک».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە]

دونیا وئەوەی تێیدایە لە شتی ڕازاوە وجوان خوای گەورە ڕقی لێیەتی وحەزی لێناکات؛ چونکە خەڵکی ڕازاوەیی دونیا خەڵکی دووردەخاتەوە لەو مەبەستەی کە بەهۆیەوە دروستکراون ئەویش بریتیە لە پەرستنی خوای گەورە وجێبەجێکردنی شەریعەتەکەی، هەموو شتێک لە دونیادا لای خوای گەورە نەفرەتلێکراوە جگە زیکری خودا نەبێت وئەو شتانەی پەیوەندییان بە یادی خواوە هەیە لە پەرستەکان وکردەوە چاکەکان، وهەروەها فێرکردن وفێربوون؛ ئەمانە لەو شتانە نین کە خوای گەورە ڕقی لێیەتی؛ چونکە ئەمە مەبەستە لە دروستکردنی بوونەوەرەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3788